کارێزە گەرمیانی

# سەرۆکی فەرماندە "مام جەلال" خوا بیپارێزێ

لەملایەوە هەمان ئاڵای عێراق بە سێ ئەستێرەو وشەی "الله اکبر" ەوە دانراوە، لەو لایەوە پیاوێکی جەلادی کوردکوژ دانیشتووە و ناوی وەفیق سامەڕائییە. بە بێ سڵکردنەوە لە سەدان هەزار قوربانییمان کە بە فەرمانی دیکتاتۆری پێشوو کوژران، لە سێدارە دران، زیندەبەچاڵکران و کڕدران و فرۆشران، پێمان دەڵێ حوکمی لە سێدارەدانی سەددام مۆر ناکەم.

مام جەلال لە نێوانی ئەو ئاڵایەی کە سێ ئەستێرەیە و تەنها (وحدە، حریە، اشتراکیە) وەبیردەهێنێتەوە و، ئەو ڕاوێژکارەی کە بۆ کاروباری ئاسایشی وڵات هەڵیبژاردووە و یەک لە مرۆڤکوژەکانە، لە هیچ سەرۆککۆمارێکی دیکەی دنیا ناچێ سەرۆکی فەرماندە (خوا بیپارێزێ) نەبێ. ئێمەی کورد هێشتا لە خۆشی و گۆڤەندی ئەوەین کە شکورکوردێک بووە بە سەرۆکی عێراق و مەینەتییەکانمان بیر دەباتەوە، کەچی مام بە گوێزان برینەکانمان دەکولێنێتەوە و خوێی تێ دەسوێ. ئازادی لە کوردستاندا تەمەنی چواردە ساڵە و خەریک بوو بە تەواوی زەمانی بەعسمان لە بیر بچێتەوە، کەچی ئاڵاکەی بەعس و وەفیقی بەعس لەملاو و لەولای مامی کورد کە ئێستا سەرۆکی فەرماندەی عێراقە، ئۆچاخی بەعسی ڕۆشنکردەوە.

ڕەنگە مام جەلال نیازی ئەوە بێت دیموکراتی لە عێراقدا بچەسپێنێت و هەنگاوی یەکەمیشی ڕێگەدان بێت بە بەعسییەکان کە لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا گەرا بکەن و گەشەبکەن. پێمان وابوو یەکەم هەنگاوی سەرۆکی عێراق پاککردنەوە دەبێت لە فیکری پیس و نەژادپەرستانەی بەعس، نەک ئاوکردن بە ئاشی بەعسدا. هاکا ئەو پیاوە گرگنانە لەبەردەم مام جەلالیشدا دەکەونە هەڵەکە سەما و هاوار دەکەن: "بلروح، بلمال.. نەفدیک مام جەلال."